## گڕوگاڵی منداڵانی کورد

ئەوە یەکەم گۆڤاری تایبەت بە منداڵانە کە لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا (1946) بڵاوبۆتەوە. سەرجەم سێ ژمارەی لێ دەرچووە.

بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان و دانیشتوانی بۆکان تێیدا بەم شێوەیە:

ژمارە 1، بانەمەڕی 1325[1946]
قەڵەم (شیعر)، هەژار – شاعیری میللی

ژمارە 2، جۆزەردانی 1325[1946]
"ئازاد، حەبسی"، ئاساری تاگور شاعیر و فەیلەسوفی هیند، ئیقتباسی محەمەد عەتری گڵۆڵانی [مامۆستا نووری].
کوڕەشوانی رەشید، م.ص.قزڵجی [قازی کاکە حەمەی بۆکان]

ژمارە 3، پووشپەڕی 1325[1946]
هیچ بابەتێکی لە پەیوەندی بۆکاندا تێدا نییە.

گۆڤارەکە هەنگاوێکی گەلێک سەرەتایییە بۆ بەرهەمی پەیوەندیدار بە منداڵ و فەزای گشتی ناو گۆڤارەکە، فەزای گەورەساڵانە.

هەر سێ ژمارەی گڕوگاڵی منداڵان لە کتێبی "رۆژنامەوانی کوردی" نووسینی د. هێمدادی حوسێن دا چاپ کراونەتەوە. لاپەڕەکانی 815 تا 898.
*بۆ تایبەتمەندیی کتێبەکەی د. هێمداد، بڕوانە ئاڵقەی ژمارە 192 و 194ی ئەم زنجیرە وتارە.*